## ڕێکخستن

### پێناسەی ڕێکخستن

زانایانی کارگێڕی چەندین پێناسەی ڕێکخستنیان داناوە:-

پێناسەی **کەمال حەمدی ئەبوالخێر**: ڕێکخستن کارێکە بۆ دۆزینەوەی هاوسەنگی لە پرۆژەدا، لە ڕێگای دیارکردنی ئامانجەکان و ڕوون کردنەوەی ئامرازەکانی جێبەجێکردنی بەهەمانگی تەواو.

پێناسەی **سەید هەواری**: ڕێکخستن بریتیە لە دانانی بنەما بۆ پەیوەندییەکانی ڕێکخەری کارگێری بۆ بەدیهێنانی ئامانجە هاوبەشەکان بەمەش ڕێکخستن بریتیە لە سیستەم کە لە کۆمەڵێك بەش لەیەك چوو و یەکتر تەواو دەکەن، هەر کێشەیەك لە بەشێك کێشە لە ئەنجامی گشتی دروست دەکات.

پێناسەی **بارنارد**: ڕێکخستن بریتیە لە سیستەمی چالاکییەکانی کارگێڕی بۆ دووکەس یان زیاتر.

پێناسەی **ڕۆلف داڤیز**: ڕێکخستن بریتیە لە هاوکاری کۆمەڵێك کەس کە بچووك بن یان گەورە، لەژێر ڕابەرایەتی زیرەك کە ئارەزوویان هەبێت لە بەدیهێنانی ئامانجە هاوبەشەکان لەگەڵ توانای بایەخدان بە بواری مرۆڤایەتی.

پێناسەی **د.عبدالحمید شرف**: ڕێکخستن یەکێکە لە توخمەکانی کارگێڕی، کە تیایدا لایەنەکانی دەسەڵات و لێپرسراویەتی بەراشکاوی بەدیار دەکەون، هەروەها جۆری کارەکان بەهەرکەسێك بەدیاردەخات لەهەمان کاتدا کۆیان دەکاتەوە و ئاراستەیان دەکات بۆ ئەو ئامانجەی کە دیاری کراوە.

## گرنگی ڕێکخستن:

ڕێکخستن گرنگی تایبەتی خۆی هەیە لەسەرکەوتنی دەزگاو جێبەجێ کردنی پلانەکانی و ئامانجەکانی و ئاست بەرزی لەکارکردندا، ڕێکخستن پەیکەرو ئامرازی مرۆڤ و تەنەکان کە دەتوانت کارێکی ڕێکخراو ئەنجام بدەن بەپێی پلانی دانراو، هەروەها ئاراستەکردنی قۆناغە جیاوازەکان و سەرپەرشتی کردن لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجەکان.

گرنگی ڕێکخستن زیاتر دەبێت هەرکاتێك کارەکان زەحمەتر دەبن و هەنگاوەکانی جێبەجێ کردن زیاتر بوون و قەبارەی ڕێکخراوەکە گەورەتر بوون و بەرەنگاربوونەوەی کێشە کارگێڕییەکان، بۆیە ڕێکخستن کاتێك تۆکمە بێت پێویستە کەسەکان وا لێبکات کارو ئەرکەکانیان ئەنجام بدەن بەبێ ئەوەی کاریگەری لەسەر لایەنێکی دیکە هەبێت.

نموونە: ولاَتی قەتەر:

ڕێکخستنی ئاسیادی ٢٠٠٦

ڕێکخستنی جامی ئاسیا ٢٠١١

وەرگرتنی شەرەفی مۆندیالی ٢٠٢٢

هەولّدان بۆ وەرگرتنی ئۆلۆمپیادی ٢٠٢٠

## جۆرەکانی ڕێکخستن

**١- ڕێکخستنی فەرمی:**

بریتیە لە ڕێکخستنی سەرەکی بۆ دەزگا بەشێوازێکی ئەندازیاری کە پەیوەندی و ئاستی کارەکان لەلایەن کەسانێکەوە دیار دەخات و تایبەتمەندییەکان دابەش دەکات هەروەك پلانی بۆ دانراوە، ئەوەش لە دیکومێنتی فەرمی دەزگاکە دیاری کراوە، ڕێکخستنی فەرمی هەولّ دەدات بگاتە لوتکەی کارەکان لەسەر بنەمای زانستی، لە ڕێکخستنی فەرمی پێویستە لەسەر بناغەی قوچەك دابنرێت کە هەموو یەکەکانی دەگرێتەوە لەسەر ئاستی جێبەجیّ کردن، ئەو پالّپشتە بۆ شێوازی بەشەکان و کارگێڕییەکان تا دەگاتە لوتکەی دەزگاکە کەسێکە تەواوی دەسەلاَتی دەزگاکە لە ئەستۆ دەگرێت.

**٢- ڕێکخستنی نافەرمی:**

بریتیە لە ڕێکخستنی تایبەت بە فاکتەرەکان کەسەکان کە ناتوانرێت بەشێوەی فەرمی ئاشکرا بکرێت و پلانی بۆ دابنرێت، ئەم جۆرەش بەشێوەیەکی هەرەمەکی دروست دەبێت، ڕێکخستنی نافەرمی لە پێویستییەکانی کارمەندان لە دەزگا و ڕۆلّی کۆمەلاَتیان دروست دەبێت، ڕێکخستنی نافەرمی بەهەلّسوکەوتێکی نافەرمی دەبێت و بەشێوازێکی تایبەتی کەسی لە هەلّسوکەوتیان، بەمەش ڕێکخستنی نافەرمی لەوانەیە هاوڕێك نەبێت لەگەلّ ڕێکخستنی فەرمی چونکە بایەخ بە ڕێکخستن دەدات وەك خۆی نەك وەك ئەوەی کە دەبێت، کۆمەلّەی بچووك بەشێکی سەرەکییە لە ڕێکخستنی نافەرمی.

## نەخشتەکانی ڕێکخستن:

مەبەست پەیکەری ڕێکخستن پرۆژە یان دەزگایە، نەخشەکانی ڕێکخستن گرنگی تایبەتی هەیە لەبەر ئەم هۆکارانە:-

١- زەنجیرەی سەرۆکایەتی و سنووری سەرپەرشتی کردن روون دەکاتەوە.

٢- هێلەکانی دەسەلآت و لێپرسراویەتی دیار دەکات.

٣- ئاستەکانی کارگێڕی لە ڕێکخستن دیار دەخات.

٤- پۆستە کارگێڕییەکان لەسەر هەموو ئاستەکان روون دەکاتەوە.

٥- جۆری دەسەلآت جیادەکاتەوە جێبەجێ کردن- راوێژکاری کردن..هتد.

٦- هێلەکانی پەیوەندی روون دەکاتەوە.

٧- یەکەکانی کارگێڕی زیاد لە پەیویست بەدیار دەخات.

٨- بەشە کارگێڕییەکان بەرامبەر هەموو ئاستەکان روون دەکاتەوە.

## جۆرەکانی نەخشەکانی

١- نەخشەی لەسەرەوە بۆ خوارەوە

٢- نەخشەی لەراست بۆ چەپ بەپێچەوانە

٣- نەخشەی بازنەیی

## تایبەتمەندییەکانی ڕێکخستن:

گرنگترین تایبەتمەندییەکانی کاری ڕێکخستنی کارگێڕی بریتییە لە:-

**١- دابەشکردنی کار**

کاری ڕێکخستن کارێکی گشتییە، مامەڵە لەگەڵ هەموو لایەك دەکات لە دەزگا وەك کاری کارگێڕی و جێبەجێ کردن، بۆیە پێویستە کارەکانی دابەش بکرێن بۆ چەند گروپێك لەچالاکی لەنێوان کارگێڕی و کەسەکان بەپێی تایبەتمەندی، کارگێڕی دەسەلآت و سەرپەرشتی دەداتە کارمەندان بەپێی بنەماو ڕێنماییەکان، ئەوەش بەسوود دەگەڕێتەوە بۆ دەزگا و بەرهەم هێنان .. بەکەمترین کات و بەکەمترین ماندووبوون و بە کەمترین تێچوون.

**٢- هەماهەنگی لەنێوان چالاکی و توخمەکانی کار لەدەزگا**

هەماهەنگی لەنێوان چالاکییەکان و توخمەکانی کارکردن لە دەزگا ڕێگر دەبێت لە دوولایەنی و دووبارە بوونەوەو دواکەوتن لە جێبەجێ کردنی ئەرکەکان، بەتایبەتی کە کارکردن دابەشکراوە بۆ چالاکییەکان و هەر چالاکییەك تەواوکەری ئەوەکەی ترە، ئەوەش دەبێتە هۆکاری بەرهەمهێنانی تەواو.

**٣- بەدیهێنانی هاوکاری لەنێوان کارمەندان**

ڕێکخستن کاردەکات لەپێناو دروستکردنی گیانێکی یەك تیپی لە نێو کارمەندان و هەماهەنگی لەنێوانیان، هەروەها دابەشکردنی دەسەلآت و لێپرساویەتی بەپێی پەیوەندییەکانی ڕێکخستن لەنێوان تاکەکاندا، بەمەش دەتوانێت کەش و هەوایەکی گونجاو بدۆزێتەوە دوور لە کێشە کەیارمەتی بەدیهێنانی ئامانجەکان دەدات.

**٤- بەدیهێنانی بنەما چاودێری راستەوخۆ**

بنەمای چاودێری راستەوخۆ دێتەدی لەرێگای دابەشکردنی کارو تایبەتمەند بوو بەشێوەیەکی راستەوخۆ، بۆ هەر چالاکییەك سەرپەرشتیاریەك هەیە لەسەر چالاکی پێشووتر، ئەوەش ڕێگا نادات بەیاری پێکردن یان دەرچوون لە چوارچێوەی کارەکە.

**٥- بەهەند وەرگرتنی بارودۆخی ناوەخۆ**

مەبەست لەبارودۆخی ناوەخۆ، بارودۆخی ناوەخۆی دەزگاکەیە لەتوانای مادی و کەس و توانای بەرهەم هێنان، کە ڕێکخستن کار بۆ ڕاگرتنی زێدەڕۆیی دەکات و کار بۆ مەشق و ئامادەکردنی تاکەکان دەکات شان بەشانی گۆڕانکارییەکان.

**٦- بەکارهێنانی باشترین ئاوازی پەیوەندیکردن**

بەتایبەتی لەکاتی وەرگرتنی بریارو گەیاندن بەلایەنی پەیوەندار لە دەزگاکە.